# زەریای ئەوین

**حەمەسەعید حەسەن**

(ئەی کچی خۆم، ئەی کوڕی خۆم!
ئەگەر توانیت
ئەو کاتانەی کەس باوەڕی پێت نامێنێ،
باوەڕت بە خۆت قایم بێ،
ئەگەر توانیت چاوەڕێ بی،
بێ ئەوەی قەت چاوەڕوانی بێزارت کا،
ئەگەر توانیت ئەو کاتانەی ئەوانی دی ڕاستی نالێن،
ڕاستی بڵێیی،
ئەگەر توانیت خۆت وا نیشان بدەی وەک هەی،
ئەگەر توانیت بەردەوام خەون ببینی،
بێ ئەوەی ڕێ بدەی خەون داگیرت کا،
ئەگەر توانیت هەمیشە بیر بکەیەوە،
بەبێ ئەوەی بیرکردنەوە، بکەی بە دوا ئامانجی خۆت،
ئەگەر توانیت تەواو وەک یەک
پێشوازی لە سەرکەوتن و شکست بکەی،
ئەگەر توانیت لە دوای دۆڕاندنی هەر چی شکی دەبەی،
دیسان دەست پێ بکەیەوە،
ئەگەر توانیت لە ئەوپەڕی دەسەڵاتا،
لایەنە باشەکانی خۆت لە کیس نەدەی،
ئەگەر خزم، دۆست یان دوژمن، ئازاریان دای و هەڵنەچوویت،
بێ خەم بە! سەرکەوتوو دەبی لە ژیانا،
بێ خەم بە! دەبی بە ئینسان،
ئەی کوڕی خۆم، ئەی کچی خۆم!)(١)

**شاعیری مەزن، وشە بە مانای نوێ ئاوس دەکات، شاعیرۆکە وشە ئەتک دەکات. ڕووی دەمی شیعر لە هەڵبژاردەیە، نەک زۆربە، شیعری ڕاستەقینە نە ئەم یان ئەو نەوەی شیعری دەناسێت، نە لەژێر ئاسمانی هیچ ڕێبازێکی ئەدەبیدا جێ بە خۆی دەگرێت. لە شیعرەی باڵادا فیکر بە جۆرێک تێکەڵی سۆز دەبێت، لێک جوداکردنەوەیان کارێکە مەحاڵ، لە شیعری جواندا، نەک ڕستەیەک تەنانەت ناتوانین وشەکیش فەرامۆش بکەین.**

نە هیچ ڕۆژێک خۆی دووبارە دەکاتەوە،
نە دوو شەو لە یەکدی دەچن،
نە دوو ڕامووسان وەک یەک وان،
نە دوو نیگا. (٢)